# مەنجەڵی دۆڵمە و ئازادی سیاسی

عەلی مەحمود محەمەد

کەم نەتەوە لە جیهاندا هەیە هەندەی کورد ئامادەیی هەبێت کاتی خۆی تەرخان بکات بۆ ئامادە کردنی خواردن , لە وڵاتانی پێشکەوتوو لەگەڵ سەردەمی جیهانگیریدا ژەمی خۆراك لە ساندەویژ و کۆکا کۆلادا چڕ بۆتەوە , تەنانەت کاتی دانیشتنیش نەماوە بۆ خواردنی . خەڵك کاتی ئەوەیان نییە هەموو خێزان ئەگەر هەبن لە یەك کاتتدا لەسەر سفرە کۆببنەوە , یاخود زۆربەی کاتی خۆیان بۆ ئامادە کردنی خۆراك ئامادە کردن بە فیڕۆ بدەن , سەرباری ئەوەی هیچ ژنێك ئامادەی ئەوەی نییە هەموو خێزانەکەی لە برسان بمرن چەند کاتژمێرێ لە کاتی خۆی بە فیڕۆ بدات بە کفن کردنی برنج و گەڵا مێوەوە .

ئاخر ڕۆژئاوا و سەرمایەداری تا ئێستا زۆر بە کورتی و دوور لە ڕاستی وەسفیان کردووە بۆمان , ئەم سستەمە نەك هەر کرێکار دەکات بە کۆیلە , بەڵکە دەشیکات بە کۆیلەیەکی هاڕاو , کۆیلەکان جاران زۆربیان کە ئازادەکران ڕەتتییان دەکردەوە , چونکە خۆراکییان لای خاوەنەکانییان مسۆگەر بوو , بە پیریش خاوەنەکەی بەخێوی دەکرد, بەڵام لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ئەوەش نییە , ملیۆنان کرێکار لە ئەنجامی بێکار کردنەوە لە برسان بمرن ئەوا کەس لایەکییان لێ ناکاتەوە . پێما هەڵمەشاخێن و دەم و چاوتان مەدەن بە یەکا , دەزانم موعجبینی ژیانی ڕۆژئاوان و لەم تاریکی و جەهەنەمەی ڕۆژهەڵاتەوە ئەو تروسکەیەی ڕۆژئاوا زۆرە بۆ ژییان , دەزانم هێشتا مانگی هەنگوینییتان لەگەڵ بەرمیلی سەرمایەداری لە لای سەرە هەنگوینەکەوەیە نەك دژەکەی , تا تیایدا نەژێن ناگەن پێی بە سانایی.

وەك باسم کرد کورد لەبەر ئەوەی هەموو هێزی مێشکی لای ورگییەتی نەك بیری , بۆیە دەبینیین ئابوری گو لە کوردستان زۆر بە هێزە , ئابوری زانستیش زیرۆ , چینی و ژاپۆنییەکان بە دەستەیەکییان بە ئەندازەی بەرپرسێکی ئێمە گو لە سکیانا نییە , بەڵام بەقەد لەشکرێکییان مێشك لە سەریاندایە .

هەموومان بیستوومانە لە کوردستان کاتێك باسی شەرعییەتی سیاسی و دیموکراسی لەگەڵ هێزێکی نەیار دەکرێت , مەنجەڵی دۆڵمە دەبێتە شایەد بەسەرییەوە , هێزی نەیار ئەگەر مەنجەڵە دۆڵمەی بە ژەمێك پێ تەواو نەکرێت , ئەوا دیموکراسی و ئازادی پێ ڕەوا نابینرێت . هەر لە ڕێگەی تێر نەخواردن بە مەنجەڵێ دۆڵمەوە شەرعییەت بە شەڕی پارتە بچوکەکان دەدرا , پێشێلی ئازادی سیاسی و کوشتاری لایەنی بەرامبەر لە ڕێگەی مەنجەڵی دۆڵمەوە شاباش دەکرا .

**مەنجەڵی دۆڵمە لە کوردستاندا بووە بە پێوەر بۆ بەخشینی ئازادی لە لایەن پارتە باڵادەستەکانەوە , ئیجازەی کارکردنی حیزب پەیوەستە بەوەی ئایا ئەندامانی ئەو حزبە بە سەرکردایەتی و بنکردایەتییەوە توانای تەواو کردنی مەنجەڵێک دۆڵمەیان هەیە یان نا. زۆر جار دەبیستین و گوێمان لێ دەبێت , دەستەواژەی مەنجەڵی دۆڵمە لە کاتی چاو سورکردنەوە سیاسییەکان یان لە سەروبەندی جەنگە ناوخۆییەکانی کوردستاندا , ناوی دێتە پێشەوە و لە زۆربەی کاتەکاندا ئامادەیە , فلاّن پارت مافی قسە کردن و چالاکی سیاسییان نییە , چونکە هەموو پارتەکە بە مەنجەڵێک دۆڵمە تێرە خۆن ,قوڕ بە سەریان ئەگەر لێیان زیاد بێت , خوێنییان حەڵاڵە بێت , مەنجەڵی دۆڵمە دەبێتە مەنجەڵە خوێن ,لەمەشدا خاتری پارتەکان گرتراوە ,چونکە ئەو مەنجەڵە ئەگەر لە جیاتی دۆڵمە دۆینە بوایە ئازادی بەر تەسکتر دەبووەوە, چونکە تەواو کردنی گرانترە بوو , بەتایبەتی بۆ حیزبیە شارنشینییەکان . زل حیزبەکان و میلشیا چەکدرەکان لە کوردستان , زۆرجار بەهانەی کردارە ملهوڕییەکانییان بەوە دێننەوە کە پارتی هێرش بۆ سەر کراو یان ئازادی پێشێل کراو ئەوەندە کەمن بە مەنجەڵێک دۆڵمە تێرە خۆن ,کەواتە پێویستییان بە ئازادی نییە , چونکە ئازادی بە گەل دەدرێت نەک بە گروپ , گروپ مافی قسە کردن و مانەوەیان نییە . دەبوایە لە یاسای ئەحزابدا تەواو کردنی مەنجەڵی دۆڵمە لە پەیرەوی ناوخۆدا بوونی هەبوایە , ئیجازەی کارکردن بە لایەنێک نەدرایا تاکو مەنجەڵی دۆڵمەی تەوا نەکردایا .**

ئەوەی جێگەی خۆشییە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە دیموکراسییەت و نەفەسی ئازادی تێدایە دۆڵمە خۆر نیین , ئەگەر دۆڵمە خۆر بونایە قەت نابون بە دیموکراسی . بۆیە ئازادی بۆ ئەو پارت و گروپانەی تێدایە نەک مەنجەڵێک دۆڵمە بگرە یەک سەندەویجی ماکدۆناڵدییان لێ زیادە , داخواز و داواکارییەکانیشیان ئەوەندە گەورەن و ڕەخنەکانییان ئەوەندە ئاشکراو توند و تیژە لە کوردستان بونایە بەرپرسان بە بیستنیان قەسابخانەیان سازە دا و قەنارەیان هەڵەدا .

نازانم دۆڵمەی بە سزمان بۆچی ناوی هاوتا بوە بە ئازادیی . بەم پێوانەیە بێت دەبێت ژنان وەستاو عاشقی دۆڵمەو باشترین دۆڵمە خورن لە کوردستان , دەبوایە زۆرترین ڕێژەی ئازادییان هەبوایە و ڕۆژانە بە تاوانی شەرەف لێیان نەکوژرایە , خەڵکی کەرکوکیش کە سەرچاوەی سڵقی کوردستانە شارەکەیان مەڵبەندی ئازادی بوایە , ئازادییەک خەڵکی سویسرا بۆ ڕاهێنان بە پۆل بهێنرایان بۆی .